
# شیعری هاوچەرخی سوێدی





# ئارتوور لوندکڤیست

1906 - 1991

وەرگێڕنی لە سوێدییەوە: رزگار شێخانی
rizgar_shekani@yahoo.se

## شاعیری بەر با

شاعیری بەر با، بەر با
کەلەبەر ئەو بایەی، کەس ناتوانێ رایبگرێ،
یان رووی وەربگێڕێ
گێوژ لە درەخت دەوەشێنێ
لەبەر بادا
هەموو شارەکان بەچراوە دەهەژێنێ
شاعیری بەر با، خۆیشی بایە

ئارەزوو، دەسەڵات و وشەکانیشی بان
دەشڵێ، مرۆڤ لەبایێکی سەر زەوی بەولاوە
شتێکیترنییە.
ئاخ، ئەوسا با بەشەپۆڵی رۆشن گەڵاکانی
لەراندەوەو
گۆزەڵەیەکی تەژیکرد لە ورشەی شین
دەرگایەکی بەسەر لمووزی سەگێکدا داخست
پاڵی بە کچێکی سەر جۆللانەوە ناو بڵندیکرد
ئێستاش : ئەم بۆنسۆیەی
دوارۆژ و پەژارەیی
بۆنی بەردە داغبووەکان
کۆسەماسیش لە تەنکایی راکشاوەو
هەناسەسوارە
شێری دەریاش بەگابەردەوە نووساوەو
دەبۆڕێنێ
دەریاش تەکاندەدا و کۆتوپێوەند دەپچڕێنێ
بەندایەتی! لە هەمووشتێك بەندایەتی!
دەریاش بەندە، با ش بەندە
ئازادی، خەونمانەو ئازارمان دەدا
ئازادی ئەوەی کە من بم و تۆ بیت،
هەریەکەمان بۆخۆی،
ئازادی ئەوەی لەڕەگەزی مرۆڤانەی خۆت
بچیتە دەرەوەو ببیتە ژوورەوە
ئەم ئازادییە مەحاڵە.
لەجیاتی گەلان و ئاپۆڕەی خەڵك
کە هاتوهاواریانەو وەکو دەریا شاڵاو دێنن
لەجیاتی
شاڵاوی بەیەکەوەیان بۆسەر شاخەکان
لەجیاتی جۆگەکان، کێڵگە بێ پەرژین و
ژیاری سەر شەپۆڵە گەرۆکەکانی نێوان
ئاسۆکان.
لەجیاتی میللەتان، ئاپۆڕەی خەڵك و
ئازادی ئەوەی دڵۆپێکی دەریا بیت.
بەڵام خەمی ناو هاژوهۆژی دەریا؟
دڵ تەنگی لەبەربادا؟
بۆ کوێم دەبەیت با؟
دەستی تەنك و بەهێزت بۆکوێم دەبا؟
بۆ کام دەشتی گیا، یان ئاقاری ئاوم دەبا؟
بۆ کامە نیوەدوورگەی لەرزۆکم دەبەی؟

بۆ کامە شاری رووخاوم دەبەی؟
وشەکانم بۆکوێ دەبەی با؟
بۆ بۆشاییەکان، تا لەفەلەکدا بخوولێنەوە
لە شەوی ئەنگوستەچاودا
بۆناو ئەستێرە سووتاوەکانی دەبەی؟
یان هەر دەکەون و لەناو دڕکوداڵ و
دووپشکی کەناردا لەلم دەخشێن؟
بای بێ ئەژنۆ،
بای رەونەقدار، وەکو دەمووچاوی کاغەزی
قوومار
بای کە بەردیش وەکو خوێ دەتوێنتەوەو
قەت وەڵام ناداتەوە
قەت وەڵام ناداتەوە.